Helsinki

# بەخێر بێن
# بۆ پەروەردەی ساوایی!

لە کاتی خولی ئاشنابووندا منداڵ ئاشنای کارمەندەکان و منداڵەکانی تری گرووپەکە و کردەوەکان و شوێنەکان دەبێت. لە هەمان کاتدا کارمەندەکان دەرفەتیان دەبێت پەیوەندی بەرابەری لەگەڵ منداڵەکە دروست بکەن و ئێوەش بناسن. لە کاتی خولی ئاشنابووندا ئێوە لەگەڵ منداڵەکە لە کردەوەکان و یارییەکان و چوونە دەرەوە و نانخواردن و پشووی ڕۆژدا بەشداری دەکەن.

لە کاتی خولی ئاشنابووندا یان هەر پێش ئەوەش کارمەندەکان کاتێکتان لەگەڵ دەگرن بۆ گفتوگۆی دەستپێکردن. لە گفتوگۆکەدا قسە لەسەر ئەو زانیاریە سەرەکییانەی منداڵەکە دەکرێت کە پێویستن، ئەو شتانەی کە ئێوە چاوەڕوانی دەکەن و ئاواتەکانتان سەبارەت بە دەستپێکردن. زانیاریتان پێ دەدرێت و دەتوانن سەبارەت پەروەردەی ساوایی و کارەکانی گرووپەکە و خشتەی کاتەکانی ڕۆژ پرسیار بکەن.

دەستپێکردنی پەروەردەی ساوایی منداڵەکە گۆڕانکارییەکی گەورەیە بۆ سەرجەم خێزانەکە و دەکرێت چەندین هەست و چاوەڕوانکردنی پێوە ببەسترێتەوە. مەبەست لە خولی ئاشنابوونی منداڵ ئەوەیە کە دەرفەتێك بدرێت بە منداڵەکە و خێزانەکە بۆ ڕاهاتن لەگەڵ ئەو ژیانی ڕۆژانە تازەیە.

بەباشی دەزانین کە منداڵەکە بەشی زۆری ڕۆژەکە لەگەڵ خۆتاندا ئاشنای ژینگە تازەکە ببێت. دەکرێت ئاشنابوون پێکەوە لەگەڵ سەرپەرشتەکانی یان لەگەڵ کەسوکاری تری گەورەتەمەن پێش ئەوەی بریاری پەروەردەی ساواییش دەربچێت ئەنجام بدرێت. لەو ڕۆژە بەدواوە کە بریاری پەروەردەی ساوایی کاری پێ دەکرێت، دەکرێت منداڵەکە بەبێ سەرپەرشتەکانی بمێنێتەوە بۆ ڕاهاتن.

## نموونە سەبارەت بە خولی ئاشنابوونی منداڵ

| هەفتەی ١ | ڕۆژی ١ | ڕۆژی ٢ | ڕۆژی ٣ | ڕۆژی ٤<br>بریاری پەروەردەی ساوایی کارایە | ڕۆژی ٥<br>بریاری پەروەردەی ساوایی کارایە |
|---|---|---|---|---|---|
| یاری کردن  |  |  |  |  |  |
| چوونە دەرەوە  |  |  |  |  |  |
| نانی نیوەڕۆ  | |  |  |  |  |
| پشووی پاش نیوەڕۆ  | | |  | |  |
| سووکە خواردن  | | | | |  |



# پلانی دەستپێکردنی سەرکەوتووانەی پەروەردەی ساوایی پێکەوە لەگەڵ کارمەندەکان دادەنرێت

**کارمەند**

- لەکاتی خولی ئاشنابووندا، یانیش هەر پێش ئەوکاتە، لەگەڵ سەرپەرشتدا گفتوگۆی دەستپێکردن ڕێك دەخات.
- ئاشنای منداڵەکە و سەرپەرشتەکان دەبێت و متمانەیان لەگەڵدا دروست دەکات.
- یارمەتیی منداڵەکە دەدات کە خۆی تێکەڵ بە گرووپەکە بکات و هەستە ناخۆشەکانی تاوتوێ بکات.
- باسی شێوازەکانی پەیام گۆڕینەوە و هاوکاری و کردەوەکانی گرووپەکە دەکات.
- بەو شێوازەی کە لەسەری ڕێککەوتوون هەواڵەکانی ڕۆژی منداڵکە دەگەیەنێتە سەرپەرشتەکانی.
- لەو شتانەدا کە تایبەتن بە منداڵەکە و خێزانەکە بەرپرسیارێتیی نەدرکاندنی لە ئەستۆدایە

**منداڵ** بۆی هەیە بەبێ مەترسی لەگەڵ سەرپەرشتەکەی یان کەسێکی نزیکی خۆی ئاشنای ژینگە تازەکە ببێت. دڵدانەوە و یارمەتیی کارمەندەکانی پێ دەدرێت. بۆی هەیە وا هەست بکات کە بۆ ناو گرووپەکە بەخێرهاتن کراوە و بۆی هەیە بووکەڵەیەك یان یارییەکی گرینگی خۆی یان وێنەی کەسوکاری خۆی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت.

**سەرپەرشت**

- پێکەوە لەگەڵ کارمەندەکاندا پلانی خولی ئاشنابوون دادەنێت بەگوێرەی پێویستیەکانی منداڵەکە.
- پێکەوە لەگەڵ منداڵەکە ئاشنای گرووپی منداڵەکە و کارمەندەکان دەبێت.
- ئەو شتانەی کە بۆ خۆشگوزەرانی یان تەندروستی و سەلامەتیی منداڵەکە گرینگن بۆ کارمەندەکان باسی دەکات.
- پرسیاری ئەو شتانە دەکات کە سەبارەت بە پەروەردەی ساوایی و کردەوەکانی گرووپەکە بیریان لێ دەکاتەوە.